# له چاوه‌ڕوانی هاتنی ئه‌ودا

شیعری: ته‌ها سلێمان

x

ئه‌و ده‌مه‌ی که‌ته‌نیایی وه‌ك ڕه‌نگی خۆی دام ده‌پۆشێ،

ئه‌و به‌ شیعرێکه‌وه‌ دێ و

ده‌ڵێ: ژیان هه‌راشتر له‌خۆم ئامبازم بوو..

گۆدۆیه‌ك لێره‌وه‌ تێپه‌ڕ نابێ و

په‌پوه‌ سلێمانیه‌ك به‌بای باڵیدا هه‌واڵێك دێنێ..

ئه‌و پرسیاری دووری نێوان خۆیی و که‌سێك ده‌کا،

نایناسێ و

ئه‌میش به‌قه‌د دووری نێوانیان ژێی پچڕاوی که‌مانێك ده‌ژه‌نێ،

هه‌رتکیانی لێده‌ڕژێ..

بڕۆ ئه‌ی کچی نه‌وه‌ی ته‌ریقه‌تی ئه‌ڤین ،

له‌ خۆی بپرسه‌ و بڵێ:

ئیلاهی بۆنی ئه‌م شێتیه‌یی تۆ بۆچی وه‌ك شێتییه‌کانی تر نیه‌؟

ئاخر ئه‌و بیری دێ که‌ی،

په‌نجه‌ی شه‌هاده‌تی عه‌شق شکێنراوو

به‌ ئاگاشه‌ له‌وه‌ی که‌هه‌ناسه‌یه‌ك ده‌خنکێنرێ،

ڕه‌نگه‌کان پاش و پێش ده‌بن و

موورگه‌کانی سه‌فه‌ری بێکۆتایی عه‌شق ئه‌شکیان لێده‌ڕژێ...

بڕۆ ئه‌ی کچی ته‌ریقه‌تی ئاو،

به‌ (با )بڵێ : ئیتر له‌ناوه‌ختا نه‌یه‌ت و گوێسه‌وانه‌ی ماڵه‌کانمان نه‌سمێ...

چاوه‌ڕوان به‌ ئه‌ی کچی ته‌ریقه‌تی خۆرئاوا بوون،

با هه‌رچی ڕازی په‌نهانم هه‌ن بگێڕمه‌وه‌..

هاتووم وه‌ك خۆت سکێچی ڕووخسارت بکێشم و

پێت بڵێم له‌جوانیدا له‌ خۆت ده‌چیت...

چاوه‌ڕوان به‌ کچی ته‌ریقه‌تی به‌فر،

پاش هه‌موو چاوه‌ڕوانیه‌ك چنینه‌وه‌ی باده‌مه‌کانی خۆشنوودی و

سه‌رتای هه‌موو چاوه‌ڕوانیه‌ك ،

ترس و

بیرۆکەی هەموو چاوەڕوانیەک،

هەقایەتی حیکاتێکی چوون ناخمان تژییە لەئومێد...

ئێستا لەبەردەم یادەوەری چاو شارکێکانی منداڵیدام و

بەئەوان دەڵێم:

خوایەکم هەیە،

دوور دوور دوور..

بەقەد دووری نێوانمان خۆشم دەوێت..

تۆ پێم دەڵێ ی وەک خۆت شەرمن وشێت ببەوەو

یان،

پێم دەڵێی لەنێوان خۆم و سەرابدا وون بووم..

من،

لەناو موورگی ملوانکەی مناڵیما بۆ ڕێزەیەک خۆشەویستی تۆ دەگەڕێم و

تۆ چیرۆکی تەرەبوونی شعووری خۆتم لە مەنفادا بۆ دەگێڕییەوە..

من،

بەمناڵی چوومە سەر ڕێی داپیرەیەکی لە خواسپی ترو لێم پرسی:

بۆچی بەختی من لەحەنینیدا هەمیشە هۆگر بەگریان و

ڕەنوە بەفری کویستان و

هەمیشە خوێنی لەبەر دەچۆڕێ..

من،

لەهەناسەیەک زیاتری خۆمم بینیوە بەدەم قەپاڵی جنییەکانی دایکمەوە،

زیرەیان هاتوەو

کەس بەهاواریانەوە نەچوە...

من،

نەمتوانی حەقیقەتی ناخم بۆ کەسێک نەدرکێنم کەوەک شیعرەکانم خۆشم ویست و

وەک ئەشکی ڕۆحی گریاوم پڕی کردم لەنامە..

ئەمشەو لەوێ بووم،

لای کوخەکەی تەنیشت ماڵتان..

هەستم گوێی لەترپەی دڵم بوو،

گوێم زیرەی ڕۆحی تۆی دەبیست و

هەناسەشم بۆنی تۆی لێدەهات ..

## XX

وەک خۆی خەنی بوون لە نامەکانی دەتکێ و

وەک من ڕەنگی پەمەیی لێدەبارێ..

خودایە ئەمشەو دوور دوور هەڵم گری و

بمبەی بۆ لێواری ئەو دەریایەیی ئەوی تیا هۆگر بە بێدەنگی بوەو

بەهێمنی لەناخەوە گۆرانی بۆ کەزییەیی عەشق دەڵێ..

لەوێ فنجانێک قاوەی لێدەخوازم و

پێی دەڵێم:

ئەی ئافرەتە نورانیەکەی ڕەنگ خۆڵە مێشی ،

دەتوانی ئەمشەو بۆ چەن ساتێک گوێم لێبگریت و

وەک خۆت و هێمنی ئەمشەوی دەریا ببی بەمن و

تەنیایم بکەیتە پارچەیەک لە هەناسەی گریاوی خۆت...

ئابیرم چوو ئەمشەو تۆ نامەیەک بنێرە،

کەتژی بێ لە یەکەم نامەی پڕ لەترس و شەرمی منی گریاو..

لێم بپرسە من کوڕی کام لەوەرزەکانی ساڵی بەفرانبارو

لە کام پارچەی ئەم نیشتمانە لێوان لێو لە خنکانی هەناسەدا لەدایک بووم..

نەمن تۆ دەناسم و نە تۆش من دەناسی ،

بەڵام بیرت نەچێ ڕەنگی هەناسەی چوون یەکی  هەرتکمان فێری کردین،

چۆن یەکتری بناسین و

شەختە بەندانی دووری نێوانمان بشکێنین..

گوێبگرە ئەی ئەو کەسەی نزیک تر لە هەموو کەسێک لەڕەنگی من دەچی و

دووریت خەریکە فێری فڕینم دەکا..

من ئەمشەو تەنیایی جگە لەتۆ هاوڕێمە و

بوونم وەک شەوارەی ڕۆحی خۆی دادەپاچێ و

زەلیل زەلیل لەکەناری پاکێتی مناڵیما ڕادەگرێ..

ئێستا تەنیاتر لە خوامنم و

لەمن تەنیاتر تۆی...

بڵێ بزان شەوی تەنیایی عەشق و ئەشک چۆن دەگوزەرێ؟

www.dengekan.com
12/9/2006

کەی دەگەڕێیەوە بۆنی هەناسەی لێوان لێو لەبۆ کرووزم بکەی و
نەعنایەک کەتامی ڕێواسەکانی مەملەکەتی مناڵیم بدا،
دەخەیتە سەر لێوم و
بەشەرمەوە پێم دەڵێی ئەوەی نەمدەناسی ،
ناسیم و هەراشتر لە خۆم ئامبازم بوو؟
ئاخر تۆ...
خودایە چ بکەم ئەمشەو؟
چ مناڵێتیەکی پاک و
چ گریانێکی سەرمەدی یاخەی گرتووم و
چ سرووتێکی گەورە دەمژەنێ و
چ پەیجورێک لە خۆیدا نووقمی لەزەتم دەکا و
چ خوایەک دەمکا بە کوڕی شەرعی خۆی..
بڵێ تەنیاتر لەکەساسی و بێکەسی من،
ئێستا سەر قاڵی هەڵکۆڵینی کام حەرفی فیراقی لەسەر لێوی من و
دەتەوێ نووشتەی بە شیعری تەڕ لێوی قەتماغە بەستووم بیمار کەی؟
ئەمشەو ڕووخسەت بدە و
دادی بێدادییەکانم بە..
ئەمشەو ڕۆحی پەنهانم بگرە باوش و
نوێژی لەیلەتوول قەدر بۆ هەمیشە بیر نەچوونەوە بکە..
ئەمشەو لە پێکی شەرابەکەی دەستی مندا،
خۆت و من وەک دوو هەناسەی تەریو ببینە و
بە (با) بڵێ میوانداری هەناسەمان قبووڵ بکا..

XXX

نامەیەک بنێرە بۆ ئەم وڵاتی سووتان و برینە..
لەنامەکەدا پرسیاری هەناسەیەکی وەک خۆت خۆڵە مێشی بکە و
لەوەڵامیشدا بڵێ:
ئەرێ بێزەحمەت نەتانزانی کوێوەچوو؟

بچۆ لای ئەستێرەی کاروانکوژەو لێی بپرسە:

ئەریٚ تۆ ماڵی هەناسەیەکی من کەلێرە بوە پێنازانی و

نەتدیوە بەکەسیٚ بڵیٚ ئەگەر پارچەیەك لەڕۆحی من لێرەوە گوزەری کرد،

خۆر لەزەردەیەك ڕیشی زیوینی خۆری گرت و

ئیتر نەهاتەوە..

بیرت نەچیٚ چووکلێتێك بەخاتری ناڵیم بۆ ئەبەد لەگیرفانی هێلەکەکەی بەرتا هەڵگرەو

دواجارو لەگەڕانەوەتدا بیدە بەمناڵێکی گەرێدەی ئەویٚ..

وەك خۆت شەرمنانە بپرسە:

ئەریٚ ئەو نەوەی کام ئازار بوو؟

بۆچی هەر دەگریاو ژێر نەدەبوویەوە؟

ڕەنگی ئەو پەمبەیی یان وەنەوەشەیی بوو؟

نازانن بۆچی بەتەنیا ڕۆیی و نەهاتەوە؟

کەڕۆیشت هیچ نامەیەکی بە جێنەهێلاٚ؟

ئەی دەسنوسی شیعرە کانی بەئامانەت سپاردە کیٚ؟

ئەو لە کاتی ڕۆیشتندا نەیوت ئەگەر کەسیٚ هاتە ئێرەو پرسیاری منی کرد،

ئازاری ئەم ڕۆیشتنەی منی پێبڵێن؟

لەنامەکەتدا بیرت نەچیٚ پاکەتێك جگەرەو

پێنووسێك و

چەند پەڕەیەك کاغەز بنێری،

نەبادا ئەو سیانەی لێببڕێتەوەو

حیکایەتەکانی ئەم هەستەی پێنەنوسرێتەوە..

لەنامەکەتدا پرسیار ئاراستەی خوابکە و

پێی بڵیٚ:

بۆچی ئەوەلٚ جار نەتوت ئینسانێك بۆنی ترپەی دڵی ئاو دەکاو

گوێی لەنەرمی ڕۆیشتنی هەناسەی تۆیە،

وەك خۆت خۆشی دەوێی و

گۆرانی مەملەکەتێك لەشیعرت بۆ دەچڕیٚ..

(هەمیشە سلاٚو...

بیرت نەچیٚ شێت بەوە،

ئائا لەگەلٚ تۆمە وئەدی بیرت چوو،

ووتت : ڕێزەیەك عەشق)

ئەوە تۆی هاتویتەوە ئێرە؟

من بانگت دەکەم و

تۆش وەك شیعر شەرمن و

وەك شیعر هێمن و

وەك شیعر شرین و

وەك شیعر فامیدە ،

دەڵێ ی :

ئا ئا منم هاتووم فنجانێك قاوەت لەگەڵ بخۆمەوەو

پێت بڵێم قاوەی ئێرە بەئازارەوە،

شرینترە لەقاوەی پڕ لەنامۆیی..

xxxx

مۆڵەت بدە گەورەی من ،

هاتووم وەك خۆت سپی لەڕۆحدا ئاوێزانت بم و

پێت بڵێم نامەکەت گەیشت...

لەنامەکەتدا نوسرابوو،

گوێم لەحەپەحەپی سەگێك نیە تا نهێنی ژوانی دوو عاشق ئاشکرابکا..و

پشیلەیەك نامیاوێنیً،

بۆ ئەوەی لە حونجەکانی نامۆ بوونم ڕزگارکا..

ووتبوت :

خۆمم لەناو پەژموردەترین هەناسەدا دۆزییەوەو

وەك خۆی پێی ووتم :

ئێوارەباش ئەی ئەو هەناسەی قەدەر هێنامیە کۆشت و

جەلاد ترین کەسی لە هەناسەما وە دەرنا...

گوێبگرە..

بۆ یەکەم جار خوا بەم نهێنیەیی نێوانمانی زانی و

نامەیەکی بۆ ناردم..

ئەو/خوا

لەنامەکەدا نوسیبووی ( ئەوەی کە بەدوویدا وێڵ بووی ، وەك خۆی شەرمن دۆزیتەوەو لەحزووری منیشدا پەنجەی شەهادەتی بۆ ڕاکێشای و دانی بە نهێنی نێوان نامەکانی هەردووتکتاندا ناوو وتی: ئەو

شەرمنانە پێی ووتووی : خۆشم دەوێی، ئێژم بۆچی تۆ وەك خۆت شەرمن قسە دەكەیی و ڕەنگت لەوێنەكانی هەوەڵین ساتی دركاندنی ئەم خۆشەویستیەدا ، نووری ئەڤینێنێكی سەرمەدی دەبارێنن؟ خوا ڕۆیی و ئەو وەك هەوەلین هەناسەی لەگەڵ من مایەوەو باسی ئەوەی بۆ دەكردم كە هێشتا فەریكە شۆخێك بوو ، چیرۆكی عەشقیان پەراش پەراش كردو ناویان لێنا:

شەرەف....

بگەڕێوە بۆ لایهیتفۆنەكە و پێی بڵێ :

لەوێ لای ماڵی ئەو گەرمە سێرییە دابەزین هەیە..

ئەو چاوەڕێتە و

نامەیەكی لە تك تك ئاوی ڕۆحی سرووتەكانی هەناسەی نوسیوەو

چاوەڕێیە بیگەێنێتە دەستی تۆ..

. تۆ چویتە بەردەم عەرشی پڕ لەزیكری ئەو ،و

ئەویش وەك سووخمەی پڕ لەڕەیحانەی ژنێكی حەنین پێت دەڵێ:

بەیانیت باش،

ئەی ئەو كەسەی درەنگ هاتیە بەردەم پەنجەرەی ژورەكەم و

وەلێ زوو زۆر زوو ناسیتم و

لەگەڵتا بۆ :

مناڵی،

عەشق،

جوانی ،

خەسارەتەكانی تەمەن،

پیر بوونی مناڵی و

گەورەبوونی تەرەبوون،

نامەكان كە شەرمیان لێدەڕژێ،

هەناسەیەك كە بۆنی بارانی عەزرەتی چاوشاركێی خۆشەویستی لێدڕژێ و

وێنەیەك كە موحیبەتی لێدەبارێ و

ترپەی پێیەك بەفرانباری پاك بوونەوە لە گووناهی نەكردە،

دەمانلاوێنێ،

بیرت نەچێ ...

شەوێك هۆگری تۆبووم ،

پڕ بوو لە خۆم و

پارچە تەریوەكانی شڵە ژانی كلاۆ فشنەكان..

بڕۆ بپرسە،

لە داپیرم...

برِۆ بپرسە،

لەسەفەری سپی ناوادەی باوکم..

برِۆ بپرسە،

لە کوژەکەی بەر تەوێڵی منالَیم..

برِۆ بپرسە،

لە زریکەی خنکاندنی شیعرەکانم..

برِۆ بپرسە،

لەهاواری گەرووی تاساوم..

برِۆ بپرسە،

لەسیلاوی پشت پێلوی چاوم..

برِۆ بپرسە،

لەترسی زەنگی (نا)کانی پارچەیەک لە هەستم..

من چەن بێوارم و

وەک کۆترە شینکەیەکی پەرِو باڵکراو،

بە شوێن ناخی رِستەکانتدا دەگەرِێم...

خودایە ،

ئێستا جگەرەی نێو هەردوو قامکی زەنگڵە قووتەو ئەسپیٚ کوژەی دەستی رِاستم ،

هانام بۆ دێنیٚ و

دەڵیٚ:

کەسی تر جگە لە ئەو وەک من بۆت دەسووتیٚ؟

شەو،

بەهەموو لامووبلاتەکانی خۆیەوە هاتە پیریمەوەو

ووتی:

ئەو لە تۆ زیاتر بیرت دەکاو

غایلەی ئەوەڵین سەفەری عەشق دەکا...

نامەکەت گەیشت...

بیرت نەچیٚ ،

پارچەیەک لەرِۆحم لەوێیە،

لای کوخە چکۆلانەکەی دڵت..

نەختیٚ لە خوار گەردنت،

بستیٚ بەلای چەپا..

لەویٚ هەمیشە بیرم بکە و

هەمیشە هۆگرت دەبم،

گوێت لێیه...

بیرت نه‌چێ....

2006